ڕێکەوتنامەی 11ی ئازار لە گەڕەکەی وڵاتە بەرژەوەندخوازەکاندا … هەڕەشەی بۆسکێنی

ماف نەتەوەیی کورد و بەرژەوەندی وڵاتانی تر
ئەگەرچی نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی هەموو بنەماکانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە، بەڵام تاکو ئێستاش بەو مافەی خۆی نەگەیشتووە و لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەردەوامە، زۆرجار دەگوترێ کورد گەورەترین نەتەوەیە، تاکو ئێستا بە مافەکانی خۆی نەگەیشتووە، ئەگەرچی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی زۆربەی نەتەوەکانی ناوچەکە بوون بەخاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، کوردیش بەڵێنی سەربەخۆییان پێدرابوو، بەڵام کە ئەوروپاییەکان نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کێشا، لەدوای جەنگی یەکەم داخوازی چارەنووسی نیشتمانی کوردیان پشت گوێ خست، لەو کاتەوە خەبات و ئاواتی نەتەوەیی کورد بۆ بەربەرەکانی یەکێتی یەك پارچەیی وڵاتە داگیرکەرەکانە، ئەوانیش لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا لە پەیوەندییەکی ئیحتمالیدا بوون، وەك تورکیا و ئیران و ئیسرائیل دژستی ئەمریکا و ئوردن بۆ خۆپارستن نزیك دەبووەوە و عیراقیش دوژمن و هەندێك جار ئارەزووی دژساتایەتی هەبوو.

مافە نەتەوەییەکانی کورد کێشەیەکی ئاڵۆزە، ناکۆکی و ململانێیەکی زۆری لەنێوان دەوڵەتانی پەیوەند بەباسەکەوە هێناوەتە ئاراوە، ڕیشەی ئەو ناکۆکیانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و فارسی، پێش چوارسەد ساڵ، لەو ماوەیەدا چەندین ڕێکەوتنامەیان لەنێوان خۆیاندا کردووە، هەموو ئەو ڕێکەوتنامانە سەرەڕای کێشەی مەزهەبی و فراوانخوازی، دژی کورد بابەتکی بنەڕەتی و سەرەکی بووە، چونکە زۆربەی ئاژاوەکان پەیوەندییان بە دەڤەرە سنووریەکانی ئەم دوو دەوڵەتەوە هەبووە، کوردیش باجی ئەو ناکۆکیانەی داوە.

دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق و کێشەی کورد

لە دوای هەوشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و لەژێر ئینتدابی بەریتانی دا لە چوارچێوەی سنووری هەرسێ ویلایەتی عوسمانی (بەسرا،

بەغدا، موسڵ) دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بووە میراتگری ناکۆکیەکانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، هەر لەو پێودانگەوە بوو نەساڵ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا تێپەڕی بوو، لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دانی پێدا نەدەنرا، بەو بیانووەی بەهەڕەشەك ئێرانین، دواتر لە ساڵی 1929 لە ژێر گوشاری بەریتانیا دانی بەدەوڵەتی تازەی عێراق دانا.
دەوڵەتی عێراقی تازە بە هەڵی جیاوازی کەلتووری سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی پێکەوە ژیانی نەبووە، جگەلە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا، لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا ناچاربووە ڕێگا لەتەشەنە کردنی ناکۆکیەکان بگرێ، هەروەك گوشار و کارئاسانی کرد بۆ ناردنەوەی سەید تەهای شەمزینی و سمکۆی شکاك بۆ ئێران و دواتر لەناوبردنیان لەلایەن ئێرانەوە.

ئێران وعێراق بەپێی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا هەندێك لێك نزیك بوونەوەیان هەبووە، دوای سەیەم شکستی شێخ مەحمود ڕووی لە سنووری ئێران کرد، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندی بەریتانیا، ئێران شێخ مەحمودی ڕادەست کردەوە، " کاپتن هێت"ی سکرتێری کۆمیساری باڵای بەریتانی لە عێراق ڕێی ئاسایی بوونەوەی لە نێوان عێراق و ئێراندا بینی، بەڵام لەسەر گرفتی سنوور نەگەیشتنە ئەنجام و لە ساڵی 1934 هەردوولا لەسەر کێشەی تەنگەبەری یەکاوی عەرەب (شەتولعەرەب) یاداشتنامەی خۆیان داوەتە کۆمەڵەی گەلان.

لەساڵی 1955 پەیوەندی هەردوو وڵات پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینی، دواتر هەردوولا لە (پەیمانی بەغدا) کە لەلایەن ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، عێراق، ئێران و پاکستانەوە بەسترا، بەهۆی چوونە یەك بەرەی هاوپەیمانی سەربازییەوە، لەم پەیمانەدا عێراق بەدارەستی ڕۆژئاوا هەژمار کرا، تا ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ئەم پەیوەندیە بەردەوام بوو، لەدوای شۆڕشی 14ی تەموزی ساڵی 1958 پەیوەندیەکانیان تێکچوو، هەر یەکەیان کەوتنە دوای ئاراستەی دوو جەمسەری جیاوازەوە، ئێران بەدەوڵەتکی پاشایەتی و ئەندامی پەیمانی ناتۆ مایەوە، بەڵام عێراق ڕژێمی کۆماری ڕاگەیاند و لە پەیمانی بەغدا کشایەوە، دەستایەتی دەوڵەتانی بەرەی سۆشیالیستی ڕاگەیاند و دروشمی دژ بە ئیستعماری ڕۆژئاوای بەرزکردەوە، هەردوو وڵات کەوتنە نێو دوو بەرەی ناکۆکی سەردەمی شەڕی سارد.

شۆرشی ئەیلول و پەیوەندی لەگەڵ ئێران

سەرەڕای کێشەی نەتەوەی کورد لە هەردوو وڵات، ئێران لەناوبردنی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق بەخەتەرێك لەسەر ڕژێمی پاشایەتی ئێران دەزانی، لەبەرئەوە هەر لەسەرەتاوە دەزگای هەواڵگری و ئاسایشی

ئێران (ساواك) كەوتەخۆ بۆ پیلان دانان دژی ئەزمونی ژیانی كۆماری لە عێراق، دواتریش هەنگاوەكانی عەبدولكەریم قاسم دەربارەی چاكسازی كشتوكاڵ و دەستایەتی كۆمپانیستەكانی عێراق و پەشیمان بوونەوەی لە بەرنەكانی بە كورد و ناكۆكی لەگەڵ هەوتی ناسیونالیستەكانی عەرەب، كە عەبدولسەلام عارف نوێنەرایەتی دەكردن و دیكتاتۆریەتی دواتر عەبدولكەریم قاسمی بەرەو ئاقارێكی خراپ برد، ئێران ئەو بارودۆخەی قۆستەوە بۆ لاوازكردنی عێراق، كەوتە پشتگیری ئەو سەرۆك هۆزە كوردانەی لەپەرەسەندنی دەسەڵاتی شیوعیەكان و ئیفڕمی كشتوكاڵی نیگەران بوون، كە دواتریش بووە سەرەتایەك بۆ دەستپێكردنی شۆڕشی ئەیلول لە 11ی ئەیلولی ساڵی 1961 و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی كورد.

نزیك بوونەوەی عێراق لە سۆڤیەت و بەرەی سوشیالیستی ڕۆژهەڵات، نیگەرانی لای ئێران و بەرەی ڕۆژئاوا دروست كردبوو، گرفتاركردنی عێراق بە كێسپ و تەگەرەی ناوخۆ باشترین ڕێگاچارە بوو بۆ لاوازكردنی عێراق، لەبەرئەوە هەر لەسەرەتاوە ئێران هەوڵیدا لەسەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول نزیك ببێتەوە و كاریگەری بەسەریەوە هەبێت، ئەگەرچی سەرەتا بەم شێوەیە نەبوو، بەڵام دواتر لە مانگی تشرینی ساڵی 1963 وەفدی سەركردایەتی (پ. د. ك) سەردانی ئێرانی كردووە و پەیوەندی و هاوكاری لە ئێران وەرگرتووە، لەو كاتەوە شۆڕشی كورد بووە خاڵی گرنگ لەنێوان ئەم دوو وڵاتە، ئێران هەمیشە هاندەری سەركردایەتی كورد بووە، بۆ درێژەدان بە شۆڕش لە ڕێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق، بگومان لەبەربەرژەوەندی كورد نەبووە، بەڵكو بۆ دەستەبەركردنی خواستە ستراتیژیەكانی خۆی، بەڵام سەرەڕای پەیوەندی گرژی نێوان عێراق و ئێران، كورد بۆ بەدیهێنانی مافەكانی خۆی چەند جارێك گفتوگۆی لەگەڵ حكومەتەكانی عێراق كردووە، هەر حكومەتی عێراقیش كوردی ناچار بە هەڵگیرسانەوەی شەڕ كردووە و ئێرانیش ئەو دەرفەتەی قۆستۆتەوە و كوردیش ناكۆكی نێوان هەردوو دەوڵەتی لەبەرژەوەندی خۆی بەكارهێناوە.

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1965 هەوە (35) هەزار پارچە چەك بەیەكجار مانگانەش چارەكە ملیۆنێك دینار دراوەتە (پ. د. ك) سەرەڕای ناردنی كەرەستەی پزیشكی و خۆراك بۆ بارەگاكان. هاندەری شا بۆ ئەم یارمەتیدانە ئەوەیە شا هەوڵ دەدات دوژمنە سەرسەختەكەی خۆی واتا عێراق، لە ناوی كوردەكانەوە لاواز بكات. لە ماوەی شۆڕشی ئەیلول پەیوەندییەكانی هەردوو وڵات (عێراق و ئێران) تەبایی بەخۆیەوە نەدیوە، ئەگەرچی لەژێرەوە هەرسێ دەوڵەتی عێراق، ئێران،

تورکیا هەمیشە کێشە بوون لەسەر دژایەتی و لەناوبردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کوردستان دەیویست داوای پەیوەندی و هاوکاری لە ئەمریکا بکات، بەڵام هەمیشە ئەمریکا هاوکاری شۆڕشی کوردستانی لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە بینیوە، لە یاداشتنامەیەکی کارمەندی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا (بەڕز هاڕد هـ ساندەرز) بۆ یارمەتیدەری تایبەتی سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی (بەڕزەز بڕنسکی) دەنووسێت: هەرچەندە ئێمە پشتر داواکاری ئەوان(کورد)مان بۆ یارمەتی سەربازی ڕەت کردۆتەوە، بەهەرحاڵ بەبۆچوونی ئێمە مەسەلەی گرنگتر بۆ ئەمریکا لەم پەیوەندیە ئەوەیە لەبەرامبەر ژێمی نوێی عێراق وەڵامدەر بین، ئێمە دەمانەوێت کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی نوێی عێراق وتوێژ بکەن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، ئەگەر ئەم وتوێژانە سەرنەکەوێت، بەرژەوەندی ئێمە ئەو کاتە باشتر دەپارێزرێت، کە دەوڵەتی عێراق بتوانێت کوردەکان کۆنتڕۆڵ بکات نە ئەوە کە شۆڕشی کورد ئەوەندە سەربکەوێت، ببێتە هۆی دەستوەردانی سۆڤیەت یا ئێران لە کێشەکەدا.
شۆڕشی کورد و دەستەڵاتی بەعس

دوای هاتنەسەر حوکم بەعسیەکانیش هەوڵی ئاشتیاندا، بەڵام نەیانتوانی بەردەوام بن و شەڕ لە نێوان بەعس و شۆڕشی کورد هەڵگیرسا، بەدرێژایی ساڵی 1969 شەڕ و پێکدادانی گەرم لەبەرەکانی شەڕی پێشمەرگە و حکومەتی عێراق دەستی پێکرد، مەلا مستەفا بارزانی بۆ درێژەدانی شۆڕش دژی بەعس داوای هاوکاری و پشتیوانی لە ئەمریکا کرد. لەڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە: لەساڵی 1969وە ڕێبەری کوردەکانی عێراق، مەلا مستەفا بارزانی بۆ ڕاپەڕینەکەی دژی بەعس چەند جار داوای یارمەتی لە ئیدارەی نیکسۆن کرد، بەڵام کاربەدەستانی ئەمریکا، ئەم داواکاریەیان ڕەت کردەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی ئەمریکا نایەوێت لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکەدا دەستوەردان بکات و ئامانجی ئەوە نیە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێت، کاربەدەستانی ئەمریکا وا هەست دەکەن، کوردەکان دەتوانن ئەو یارمەتیە لە ئێران و ئیسڕائیل وەربگرن.

دواتر ئێران توانی پەیوەندی باش لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول دروست بکات، هەتا 11ی ئازاری 1970 ئێران ویستویەتی کاریگەری بەسەر هەردوو باڵی (پ. د. ك) ڕابگرێ، بەدرێژایی ساڵانی (1966-1968) ئێران لە ڕێگای مستەفا بارزانیەوە پشتیوانی لەشۆڕش کردووە،

بۆیە ئەو ماوەیە بۆ ئێران گرنگ بووە، بەوردی و بەردەوامی شا بۆ چاودێری ڕووداوەکان لە پەیوەندی دابوو، بەهۆی پشتیوانی مادی و مەعنەوی ئێران بۆ کورد عێراق بەهۆسمی ناڕەزایی خۆی بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ئێران ڕاگەیاندووە.

لەگەرمەی لاف و گەزافی بەعسیەکان بۆ عروبە و خاوەنداریەتی بەسەر کەنداو، ئێران لە 19- 4- 1969 ڕێکەوتنامەی (سەعدئاباد)ی ساڵی 1937ی هەڵوەشاندەوە، بەبیانوی هەڵکردنی ئاڵای عێراق بەسەر کەشتیە ئێرانیەکاندا لەکاتی تێپەڕبوون لە شەتولعەرەب، کە لەو پەیمانەدا هاتووە، بۆئەوەی ئیمتیازاتی زیاتر لە شەتولعەرەبدا هەبێت، ئەمەش وای کرد لەژێر گوشاری ئێران و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، بەعس ناچار بوو بیر لە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکاتەوە.

زەقبوونەوەی ناکۆکیەکانی هەردوو وڵات (عێراق و ئێران) لەسەردەمی شەڕی سارد، سۆڤیەت دەیویست لە کەنداو بادەست بێت، سۆڤیەت چالاکانە هەوڵی دەدا پەیوەندیەکانی ژێمی بەعسی عێراق و ژێمی بەعسی سوریا ئاسایی بکاتەوە. سەرەڕای هاندانی عێراق هەموو وڵاتانی کامپی خێرهەڵات بۆ بەیەك گەیاندنی کورد و عێراق، سوڤیەت کەوتە ناوبژیوانی کورد و عێراق لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە خێرهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەکی دیکە سۆڤیەت بەم هەنگاوەی دەیویست دەستایەتی کورد بۆ خۆی مسۆگەر بکات. سەرەڕای هەوڵەکانی ناوخۆ، بە ناوبژیوانی سۆڤیەت بەیانی 11ی ئازای 1970 کۆتایی هات.
کورد و ڕێکەوتننامەی ئازار

جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی کورد لەباشووری کوردستان لەبەهێزیدابوو، هەردوو باڵی (پ. د. ك) لەووی بنکەی جەماوەریەوە بەرەو پێش چووبوون، ئەوەی لەو ناوەدا بۆ هێز بوو حزبی بەعس بوو، هێشتا دوو ساڵ نەبوو هاتبوونە سەر حوکم و جێ پێی خۆی نەگرتبوو، بنکەی جەماوەری لاوازبوو، لەناو بەرپرسە باڵا سەربازیەکان ناکۆکی هەبوو، لەووی ئابووریەوە لاواز بوو، پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ دەرەوە کز بوو، پێویستی بە مانۆڕی سیاسی هەبوو، شۆڕشی کوردی بەمەترسی گەورە دادەنا، لەبەرامبەردا پێویستی بە پشودان و خۆڕێکخستنەوە هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە حکومەتی بەعسی عێراق لەهەوڵی ئاگربەست دابوو لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول، ئاگربەستێکی نیوەچڵ بەردەوام بوو تا ئەوەی لە 11ی ئازاری 1970 حکومەتی عێراقی یەکلایەنە پێشنیاری ڕێکەوتنی ئاشتی کرد، کەزۆربەی داواکاریەکانی کوردی لەخۆدەگرت.

لە 11ی ئازاداری 1970 بەغدا و □□بەری شۆشی کوردستان مستەفا بارزانی □□کەوتن جیاوازییەکانیان نەھ□□ن و عێراق بەوە □ازی بوو دەوڵەتێکی فرە □ەگەزی و ئ□تن□مۆی لەناو دەوڵەتی عێراقدا بۆ کورد پێك بێنێ، لەنێوان هەردوو لایەنی نەیاردا ئ□تن□مۆی بۆ بارزانی هەنگاوێك بوو بەرەو سەربەخۆیی، لەولاشەوە بۆ سەدام حسین □یکەوتنەکە هەنگاوێکی تاکیکی بوو، تا بەبیروباوەڕ□□کی بەعسیانە دەوڵەتێکی تەواو ناوەندی سازبکا.

هەرچەندە کورد بەم □□کەوتنە □ازی بوون، بەڵام تەنیا هەندێ لە شەرت و مەرجە کەلتوریەکانی بەڕاستی جێبەجێ کرا، لە ئەیلولی 1971 پیاوەکانی سەدام حسین ئەلتکریتی هەوڵیاندا لە □□گای تەقاندنەوەی ئ□تمبیلێك مەلا مستەفا بکوژن و پێش ئەوەش تەقەیان لە کوڵەکەی واتە ئیدریس بارزانی کرد، ئیدی پاش ئەو هەموو □□ککەوتنە درۆخایەنە هیچ کات لە لایەنەکان متمانەی بە لایەنی بەرامبەر نەما.

وەك ئاماژەمان پێدا سۆقیەت لە ئەنجامدانی □□ککەوتنامەی ئازار لەنێوان عێراق و شۆشی کوردا □□□ی باشی گ□□ا، ئەم بەشداری کردنەی سۆقیەت کاریگەریەکی گرنگی هەبوو، لەسەر □ازی بوونی بارزانی بۆ چوونە ناو گفتوگۆ لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی دا، هەروەها بەشداری کردنی سۆقیەت □□□کی دیار و بەرچاوی هەبوو لەنزیك کردنەوەی باری سەرنجی هەردوولا لە دانوستانەکانیدا لەووی □ەهەندی نێونەتەوەییەوە.

□□کەوتنامەی 11ی ئازار سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ سیاسەتی دەرەوەی سۆقیەت، لەئاستی ناوخۆش حزبی بەعس بەواژۆکردنی ئەو بەیاننامەیە ئومێدی وابوو کارتی کوردی لە قازانجی خۆی لەدەست شا دەرهێنابێت، ئ□رانیش لەلای خۆیەوە بە□□کەوتنامەی 11ی ئازار زۆر نیگەران بوو، چەندین نامە و وەفدی نارد□تە لای سەرکردایەتی بارزانی هەتا پەشیمانی بکاتەوە، لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی دە□□: " شا لەسەر ئەو داوایە بەردەوام نامەی دەنارد، هەتا دوا نامە جۆرێك لە هەڕەشەی تێدابوو" سەرکردایەتی شۆش تا سا□□کیش دوای بەیاننامەی 11ی ئازار پەیوەندی لەگەڵ ئ□ران پچ□اند.

دوای هەوڵەکانی سۆقیەت لە □□کەوتنی ئازاردا، بۆ خ□□کخستنەوە و بەهێزکردنی حکومەتی عێراق ویستی زیاتر پەیوەیندی لەگەڵ سۆقیەت بەهێزبکات، لەڕاپ□رتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هاتووە: بەهۆی زیاتر نزیك بوونەوەی عێراق، دەست□□یشتوویی سۆقیەت زۆرتر بووە، سۆقیەت سەرمایەگوزاری لەعێراق کرد بوو بە بنەمایەك بۆ ئەوەی

پێگەی خۆی لە ڕووژهەڵات بەهێزتر بکات، ئەمە بووبە مەترسیەکی زیاتر بۆ ئەمریکا، کاتێ سەدام حسین بەسەرکایەتی لیژنەیەك پێکهاتوو لە کاربەدەستانی بەعس لە شوباتی 1972 سەردانی مۆسکۆی کرد و لە ئەنجامدا ڕاگەیاندننامەیەکی هاوبەشیان واژۆکرد، بۆ ئەوەی پاشان پەیماننامەیەك مۆر بکەن، پێشمەرجی ئەو پەیماننامەیە ئەوە بوو، دەوڵەتی بەرەی نیشتمانی عێراق پێك بێت، کە شیوعی و کوردەکانی تێدا بەشداربن، هاوکات سۆڤیەت بارزانی هان بدات تا پەیوەست بێت بەم بەرە نیشتمانیە، بەڵام مەلامستەفا بارزانی چوونەناوی ئەو بەرەی بە زیان بۆ کورد دەزانی، بۆیە کورد جارێکی دیکە لە ڕێگای (CIA) وە لە حکومەتی ئەمریکا نزیك بوونەوە و پێیان لەسەر ئەوە داگرت ئەگەر لەلایەن ئەمریکاوە یارمەتی نەدرێن ناچاردەبن لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێك بکەون، "شا"ش پشتیوانی لەم داوایەی بارزانی کرد و هۆشداری دا،عێراق کەوتوەتە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت. بەڵام جارێکی تر کاربەدەستانی ئەمریکا یارمەتیدانی کوردیان ڕەت کردەوە، بەکو ڕایان وابوو ئێران و ئیسڕائیل دەتوانن یارمەتی کوردەکان بدەن.

وەاتە یەکگرتوەکان لەگەڵ ئەوەی لەپشتیوانی ڕاستەوخۆ لە کوردەکان خۆی دەبوارد، بەڵام بەڕێنی دا لەگەڵ لایەنە ناوچەییەکانی دیکە هاوکاری بکات کە یارمەتیان دەدا بە کوردەکان. شا وەبیر ئەمریکای هێنابووەوە کوردەکان لەژێر گوشاری سۆڤیەتدان بۆ ئەوەی لەگەڵ بەعسی عێراق ئاشت ببنەوە، کەوابوو دەبێ کوردەکان لەبەرامبەری کاریگەری کۆمۆنیزم بپارێزرێن.

لەو کاتەدا ئەمریکا شەڕی ڤێتنامی بەدەستەوە بوو، ئەمریکا خۆی لەهەر تەوەگلانی شەڕکی دیکە دەپاراست، لیژنەکانی کۆنگرێس ڕازی نەبوون کارگێڕێتی نیکسۆن لەگەڵ شەڕشی کوردا بۆ هێنانەدی ئەتۆمی هاوکاریان بکات، هەروەها هەرشیان کردەسەر کارگێڕێتی فۆرد بەوەی وای نەکرد شا دەست لە یارمەتیدانی کوردەکان هەڵگرێ، ئەو کەین و بەینەی کۆنگرێس یەکێك لەو ڕێگایانە بوو گەورە کاربەدەستانی ئەمریکایی خۆیان پێ دەپەڕاندەوە لە دەستهەڵگرتنیان لە هیندی چینی، چونکە تاوانەکەیان دەخستەپاڵ کۆنگرێس نەك خۆیان.

ئەگەرچی کورد بۆ ئەمریکا گرنگە، وزە و توانستی کورد بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی گرنگی پێنەدان و دەستبەردابوونیان بدزێتەوە، لەلایەکی تر گرنگی کوردستان لەکاتێکدا ناوچەکە وەك کانگای نەوتە و سەرەڕای ئەوەش کوردستان وەك خانوویەکی دووپەنجەرەیی وایە، پەنجەرەیەك بەسەر ڕووژهەڵات و پەنجەرەیەکیش

بەسەر ئاژاوادا دەوانی، بەڵام یەکێك لە هۆکارە ئاڵۆزەکانی هاوکاری ئەمریکا بۆ کورد دەبوایە لەڕگای یەکێك لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و هاوپەیمانی ئەمریکا ئەنجام بدرێ، ئێران و تورکیا هاوبەشی ئامانجی ئەمریکا بوون، تا نەهێنن کێشە نیست یا دەوڵەتێکی خراپ دەست بەسەر ناوچە کوردیەکاندا بگرێت، ئەگەرچی ئەم دوو دەوڵەتە ناوەندی ستراتیژی ئەمریکا بوون، بەڵام کەمترین بەرژەوەندیان لەوەدابوو بڕسەی ئاپەینی کوردە نەتەوەییەکان لەژێر ئاڵایەکدا بەرەو ئامانجێکی یەکگرتوو هەنگاو بنێن، یا دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنن.

تێکەڵاوی و تەقەلای ئەمریکیەکان لەناوچە کوردیەکانی عێراق دیاری دەکرد، وڵاتە دراوسێکانی وەك تورکیا و ئێران یارمەتی کوردیان دەدا تا خۆیان لە گۆچەڵی عێراق بپارێزن، ئەگینا بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون لەدایك بوونی دەوڵەتێکی کوردی قبوڵ بکەن. ئەمریکاش هەرگیز پشتیوانی لە دەوڵەتی سەربەخۆیی کورد نەکردووە، ئەوەی داوادەکرا تائاستاش ئۆتۆنۆمیەك بێت یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزێت، لەترسی ئەوەی نەوەك پارچە بوونی عێراق ببێتە مایەی سەریەشەی داهاتوویان.

بەڵام دوای بۆنیاز بوونی بەعس لەمافی کورد و دوای بەستنی پەیمانی (هاریکاری و دۆستایەتی عێراقی – سۆڤیەتی) لە 9- 4- 1972 کە حزبی بەعس لەبواری سەربازی و ئابووری خۆی بەهێزکردەوە و نەیارەکانی لە سوپا لەناوبردن و لەگەڵ دابین کردنی دۆست بۆ حکومەت و پێشڵکاریەکانی بەعس بەرامبەر بە کورد، کاردانەوەی لەسەر سەرکردایەتی کورد دروست کرد، ئەمەش وای کرد پەیوەندی کورد و ئێران لە مایسی ساڵی 1972 لە دوای سەردانی ریچارد نیکسۆن و هێنری کیسنجەر بۆ تاران دەست پێ بکاتەوە.
هاوپەیمانیەتی عێراق و سۆڤیەت و هەوێستی کورد

هەوڵە بەردەوامەکانی سۆڤیەت بۆ ناوبژیوانی کورد و حکومەتی عێراقی بووە هۆی زیادبوونی پێگەی سۆڤیەت لە عێراق، ئەوەش مەترسی لەلای ئەمریکا دروست کرد، ئاڵۆی یەکیەتی سۆڤیەت لەسەقامگیری ئاشتی و ئاگرتنی هاوسەنگی لە عێراق بەدیار کەوت، لە دوای ڕاکەوتنی 11ی ئازار پەیوەندیەکانی عێراق و سۆڤیەت گەشەی سەند، لە نیسانی 1972 سەرۆك وەزیرانی سۆڤیەت ئەلیکسن کۆسجین سەردانی بەغدای کرد و لە 9ی نیسانی 1972 پەیمانی (هاریکاری و دۆستایەتی) لەنێوان هەردوو وڵات واژۆکرا، لە پەیمانەکەدا هاتبوو عیراق چەك و جبەخانەیەکی زۆری لە سۆڤیەتەوە پێدەگات، بەم شێوەیە عێراق خۆی خستە بازنەی

جێسیاسیەوە، بەرەو ئەوە دەچوو ببێتە هاوپەیمانێکی بنەڕەتی سۆڤیەت لەناوچەکە، بەمەش دەروازەیەك بۆ عێراق کرایەوە، چەك و تەقەمەنی لە سۆڤیەت بکڕێت، و پەیوەندی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ پەرەپێبدات، ئەمە بۆ عێراق دەروازەیەکی گرنگ بوو، بۆ خۆبەهێزکردن بەتایبەت دوای خۆماڵی کردنی نەوتی عێراق لە یەکی حوزەیرانی 1972، ئەمەش وایکرد ئەمریکا بەسیاسەتی خۆیدا بچێتەوە لەناوچەکە.

بەعس بەهۆی هاوپەیمانیەتی سۆڤیەت و بەهێزکردنی پێگەی خۆی، لە 15ی ئایاری 1972 دوو وەزیری دایە (حزبی شیوعی عێراق = حشع)، بەمەش هەوێستی ئەو حزبە گڕا، دوایی شیوعی ئاکۆشایە ناو بەرەیەکی ناهاوسەنگ، یەکیەتی سۆڤیەتیش هانی (حشع) داوە بەرە لەگەڵ بەعس دروست بکەن، بەناوی (بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز) لە 17- 7- 1973 ئاگەیەنرا، داوا لە پارتی کرا بێتە ناو ئەو بەرەیەوە، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی حزبی بەعس لە جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنامەی 11ی ئازار قبووڵی نەکرد بچێتە ناو ئەو بەرەیەوە، بەعس لەمەدا مەبەستی بوو خۆی وەکو حزبێکی پێشکەوتوخواز و گونجاو لەگەڵ ڕووداوەکان بخاتەڕوو، لەلایەکی دیکەوە بەعس هەموو قورسایی خۆی لەناو بەرە بەرجەستە کردبوو، بەڵام (حشع) ئەمەی قبوڵ بوو. (پ. د. ك) ترسی ئەوەی هەبوو هەڕشی ئاگەیاندنی (حشع) کەسایەتی شکاش لە وڵاتانی بەرەی سۆشیالیزم بشۆڕنێ، ئەگینا لە دوای چوونە بەرەی بەعس (حشع) سەنگی جارانی لەناو جەماوەری کوردستان لەدەستدا.

سەرەتا بارزانی وا خۆی پیشاندا بە بەیاننامەکە ئازیە و بروسکەی پیرۆزبایی بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر نارد، بەڵام بۆیاری کورد زیاتر بەدەست هێزە ناوچەییەکان بوو، بەتایبەتی ئێران، ئەگینا لەبنەڕەتدا بارزانی بەم ڕێکەوتنە ئازی نەبوو، چونکە بارزانی هەوڵی جیاکردنەوەی ناوچە کوردییەکانی دەدا لەبەغدا، لەبەرئەوە ئەم ڕێکەوتنە هەر زوو کاری پێنەکرا، لەگەڵ ئەوەش حزبی بەعس هەوڵی دا پارتی ئابکۆشتە ناو بەرەی ناسیونالیزمی پێشکەوتوو (جبهه قومیه التقدمیه) بەڵام بارزانی ئازی نەبوو، چونکە وا دەبینرا کورد زەرەر دەکات لەو ڕێککەوتنە، هەر زوو پەلاماری شیوعیەکانی دا لە کوردستان، زۆر دژی ئەو ڕێککەوتنە وەستا کە لە نێوان عێراق و یەکیەتی سۆڤیەت بەسترا.
ململانێکانی سۆڤیەت و ئەمریکا و چارەنووسی شکاش کورد

مانگێك بەسەر هاوپەیمانیەتی (عێراق و سۆڤیەت) تێنەپەڕی، (نیکسۆن) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و (کیسنجەر)ی ئاوێژکار بۆ ئاسایشی نەتەوەیی سەردانی ئێرانیان کرد و لەگەڵ شا کەوتنە وتوێژ

بۆ دانانی ڕێگاچارەیەك بۆ دوورخستنەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لە عێراق، لە مانگی ئایاری 1972 وەاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆیاریدا لەبەرامبەر پێگەی سۆڤیەت لەناوچەکە دا پشتگیری ئێران بکات، بەتایبەت کە نیکسۆن و کیسنجەر تازە لە سەردانی سۆڤیەت گەڕابوونەوە، سیاسەتی کیسنجەریش لەو بارەیەوە ڕوون بوو، بەوەی هەر وەاتێك پەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبێت دەبێ هەوڵی لاوازکردنی بدرێت.
پشتیوانی و یارمەتیدانی شۆڕشی کورد کاریگەری زۆری هەبوو، کارگێتی نیکسۆن و فۆرد پشتیوانی دەرەوەیان دروست نەکردووە بۆئەوەی ئاواتی ئێتنەمی کوردەکان بێتەدی، بەڵام هەردووکیان ڕاستەوخۆ بەماڵ و دارایی لە خزمەتیان دابوون، لەبەرئەوەی ئێران و ئیسرائیل دەستیان خستبووە کاروباری ئەوانەوە دەبوایە مەسەلەکە لەنیوان ئاشکرایی و دیبلۆماسی پەردەی بەسەردا بدرێ.

کاربەدەستانی ئەمریکا ڕایان وابوو یارمەتی ماددی یا سەربازی ئەمریکا بۆ بارزانی دەبێت بەوپەڕی ئاسایش و نهێنیپارێزی ئیداری و فیزیکییەوە ئەنجام بدرێت، یارمەتی بەکوردەکان نابێ ئەوەندە زیادبێت، نەتوانن ڕۆژێ لە ڕۆژان حاشای لێ بکەن، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم یارمەتیە لەهەندێ چوارچێوەی تایبەت بچێتە دەرەوە حاشا کردن لێی مومکین نیە.

دەست تێوەردانی ئەمریکا لەکاروباری کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردانی نیکسۆن بۆ تاران لە ساڵی 1972 و کۆبوونەوەی نیکسۆن و بریجنێف، لە مۆسکۆ بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین جێگای موناوەرات لەجیهانی مونافەسەی سیاسیدا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت کە ئەمریکا هەرگیز دەستی لێ هەڵنەگرتووە.
جەنگی سارد لە نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دۆخێکی مەترسیداری هێنایە ئاراوە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێك لەو ناوچانەی کۆ بەر کێی لەسەردەکرا عێراق بوو، لەبەردەمی لوتی شادابوو، کە لە دوای سعودیە دەوڵەمەندترین کانی نەوت بوو، لێرەوە هاوکێشەی تایبەت بەڕۆژهەڵات ئەمریکا پێوەی پەیوەست بوو، حزبی بەعس لەعێراق لەسەر بەرنامەیەکی سوشیالیستی دژ بەڕۆژئاوا خێی دەرخست، ئەمەش مەترسیەکی گەورەبوو عێراق لەژێرکۆفی سەدام حسین ببێتە دەستوپێوەندێکی نزیکی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا ئامانجی ستراتیژی کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت بوو لەناوچەکە، هەرچەندە سۆڤیەت ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەو ڕۆککەوتنەی پێکهات لەنێوان حکومەتی عێراق و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەڵام بەپێلە پەیوەندی هەریەك لە حزبی شیوعی عێراقی و سۆڤیەت لەگەڵ بزوتنەوی

کورد گ□ا، بزوتنەوەی کورد کەوتە پەیوەندی کردنکی توندوت□ لەگە□ □ژئاوا، بەتایبەتی ئ□ران و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەپ□چەوانەوە حزبی بەعس کەوتە بەھ□زکردنی پەیوەندیەکانی لەگە□ کوتلەی □ژھەڵات و حزبی شیوعی ع□راقی و بزوتنەوەی چەپخوازی بەگشتی.

سەرک□شی ع□راق ب□ دەوڵەتانی دەستی ئەمریکا لەناوچەکە (ئ□ران و ئوردن و ئیسرائیل) نیگەران بوون لەو دەوڵەتە عەرەبیانەی لەلایەن س□قیەتەوە ھاوکاری سەربازی دەکران، ھەرس□ دەوڵەتیش ھاوکاری کوردیان دەکرد، بەمەبەستی ئەوەی ئ□تون□می کوردستان وەك ک□ردیك تەماشا بکەن، تاگ□چەی وزەی بەعس لە سنووری وڵاتی خ□یان بەدووربگرن، ئەم وڵاتانەش دەستی ئەمریکا بوون و ھاوکاریان لەلایەن ئەمریکاوە پ□دەگەیشت، ب□یە کوردی بەستەزمان ئاساییە کەوا بزانێت دەستی ئەمریکایە.
ش□شی کورد و نزیك بوونەوەی زیاتر لە ئ□ران و □ژئاوا

لە پ□ش ھاوپەیمانیەتی نێوان ع□راق و س□قیەت ئ□ران تەنیا لەبیری کارتی ناک□کی نێوان ش□شی کورد و بەعس دابوو، تا بەقازانجی خ□ی سوودی لێوەربگرێت، بەڵام □یکەوتنی 11ی ئازاری 1970 شای نیگەران کرد، چونکە دەبووە دەرفەت ب□ بەھ□زبوونەوەی ع□راق، ھەتا دەگاتە باڵا دەستی کەنداو، ھەروەھا لەوانە بوو ش□ش لە کوردستانی ئ□ران سەرھەڵبدا و مستەفابارزانیش ناچار نەدەبوو لەبەرامبەر دەستایەتی ئ□ران بەرھەڵستی بکات، ھاوپەیمانیەتی ع□راق و س□قیەتیش مەترسی لەسەر ئ□ران گەورەتر کرد، ب□ ئاستی نیگەرانی ئەمریکا، ئەمەش دەرفەتێك بوو ئ□ران سوود لە نیگەرانی ئەمریکا وەربگرێت، ب□یە □ککەوتنی ع□راق و س□قیەت ناک□کیەکانی ع□راق و ئ□رانی قوڵتر کردەوە.

لە ئاکامی ش□شی 14ی تەموزی 1958 و کشانەوەی ع□راق لە حلفی بەغداد و زیادبوونی ھ□زی چەپ لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم پەیوەندیەکانی ع□راق و ئ□ران زۆر باش تێکچووبوو، کە حزبی بەعس ھاتە سەرحوکم پەیوەندیەکان بەرەو خراپتر چوون، شای ئ□ران دەترسا لە گرتنەدەستی دەسەڵاتێکی سیاسی عەرەبی لە ع□راق، وەك دەسەڵاتی جەمال عەبدولناسر و ھ□ز و دەسەڵاتی لەناو وڵاتە عەرەبیەکاندا لەلایەکی تر بەھ□ی پشتگو□ خستنی ئ□تون□می و چەندین تەقینەوە و کاری تێکدەرانە کورد نائومێد بوو، ئ□باڵەکەیان خستەسەرع□راق و دواتریش کە ع□راق ویستی حکومەتێکی نیشتمانی لەگە□ ک□نیستەکان پێکبێنێ کوردی گ□شەگیرکرد، ئەمە ئ□ران و ئیسرائیلی دەست

کراوەترکرد لە نزیك بوونەوە لە شۆشی کورد، لەبەرئەوە زۆر گەرموگوڕ کەوتە یارمەتیدانی شۆشی کورد، وەك هەوڵێك بۆ گورز وەشاندن لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عێراقی، بەڵام لەناو لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەنگی چەپەکانی حزب لەسەرکردایەتی (پ. د. ك) بەرزبووەوە، لەبەرامبەر ڕژێمی ئێرانی و ڕەت کردنەوەی هاوکارییەکانی، بۆ پەنجە ڕاکێشان بۆ ئەو مەترسیانەی کە زیان دەکەن بەهۆی ئەو یارمەتیانەی ئێرانەوە، بەڵام تای تەرازووی ئەوانەی ڕەزامەندیان بۆ قبوڵ کردنی ئەو یارمەتیانەی ئێران هەبوو زیاتربوون بەشێوەیەکی ئاشکرا، بەهۆی ئەو نەهامەتیانەی بەرەو ڕووی کورد بۆتەوە، لەگەڵ تین و تاوی شەڕەکاندا لەنێوان شۆش و حکومەتی عێراقیدا، یارمەتیەکانی ئێران بۆ شۆش زیادی کرد، لەتشرینی دووەمی 1971 و مارتی 1972 شای ئێران هاواری بۆ نیکسۆن برد، لە یارمەتیدانی بارزانیدا هاوکاری بکات، لە 28ی مارسدا بەهۆی پاشای ئوردنەوە بارزانی هاواری خۆی گەیاندە نیکسۆن، لەوڵاشەوە ئیسرائیل نیگەرانی ئەوەبوو بەرژەوەندی عێراق بە هۆی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان پەرەبستێنێ.
بەڵام ئەمریکا یارمەتیدانی کوردی ڕەتکردەوە، چونکە نەیاندەویست بەو هێیەوە سۆڤیەتیەکان چەك و سیاسەتیان لەناوچەکە زیاتر بڕاو بۆتەوە و پەرەبستێنێ، جۆزێف فارلەند باڵوێزی ئەمریکا لە تاران ئەمەی یەکلاکردەوە کە یارمەتیدانی نهێنی بۆ کوردەکان دەبۆتە سەرچێیەکی بۆ کۆتایی، وەستانیشی دەبۆتە هۆی نائومێدی و تێگەیشتن لە بیروباوەڕی هەڵە لەلایەن کوردەکان بەرامبەر ئەمریکا.

شا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای هێنایە ناو تابلۆکەوە، لە ساڵی 1971 دا پەیوەندی نێوان وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەسەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی لەڕێگای شای ئێرانەوە دەستی پێکرد، لەلایەکی دیکە وەرگرتنی چەکێکی زۆر لەسۆڤیەت عێراقی هاندا هێرش بکاتە سەر کوردستان ئەمەش لەوە زیاتر بوو، ئێران و ئیسرائیل هاوکێشەکەیان ڕاگرتبوو، لەئەنجامدا پێکهێڕانی عێراق و ئێرانیەکان بەدرێژایی سنوور سەریهەڵدا.

ڕووداوەکانی ناو ئەو ململانێیە ئەوە دەسەلمێنن، هەریەك لە عێراق، ئێران، سۆڤیەت، ئەمریکا و ئیسرائیل حیسابیان بۆ ئەگەرەکان کردووە، ڕای وا هەیە لە هاوپەیمانیەتی و پشتیوانی شۆشی کورد باوەڕ بەئێران نەکراوە، ئەمریکا ترسی ئەو بۆ متمانەییەی ڕەواندۆتەوە، بەڵام باری قورسی شۆشی کورد لەسەر شانی ئێران بووە، سەرکردایەتی کورد ئاگاداربووە، ئەو بایەخەی ئەمریکا لەسەر

داوای شابووه، جێناتان دەنووسێت: " شای ئێران سەبارەت بە یارمەتیدانی شۆشگێرەکوردە بارزانیەکان بێ دژایەتی حکومەتی عێراقی ئای واشنتۆنی گۆی"

ئەمە وای کرد لە 20-21ی ئایاری 1972 دا نیکسۆن سەردانی شای کرد لەتاران، پێشوازی ئێرانیەکان تاوی باشی هەبوو لە گەشتەکە، لەلایەن ئیرانیەکان بە گەرمترین چەپڵەزان پێشوازی لێکرا. نیکسۆنیش ویست و پشتگیری خۆی لە دەستەکانی ئەمریکا دووپات کردەوە. هەروەها ئایگەیاند ێژهەاتی ناوەاست لەسەرچێیەکانی سۆڤیەت بەدووربگیرێ، لەبەرئەوە هەوێ دەدەین زێرانبازیە ناوچەییەکان پەرەنەستێنن و نەبنە زێرانبازی کەەگایەتی نێودەوەتی.دیسان ئێمە ێگا نادەین هاوکێشەی هێز لە ێژهەاتی ناوەاست بەقازانجی دوژمن تەواو بێ، بەاستی تێدەکێشین هاوکێشەی دەسەێات لەبەرژەوەندی خۆمان تەواو بێت، ئەمریکا دەیویست ێگانەدا سۆڤیەت هیچ سەرچێیەك بکات و لەهەرکوێیەك بیانەوی کێشەی بێ دروست بکەن.

لەناوەاستی ساڵی 1972 سەرکردایەتی شۆش کەوتە نێوان بەرداشی دوو جەمسەری ناکۆك، لەوەوە شۆش چووە سەر ێگایەك کێتایی داخرابوو، بێ ئەم هەنگاوە ئاماژە هەیە (م.س) و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (پ. د. ك) لێی بێئاگابوون، لەو بارەیەوە (جێناتان) دەنووسێ:"بارزانی نەلەپێش و نەیەکسەر لەکاتی هەرەسی ئاپەێنەکەی ساڵی 1975 دا و نەدوای ئەویش نەیدەویست هیچ کام لە یاریدەدەرەکانی خۆی لەبێاردان بەشداری بکەن" ئەمەش لەپشت نەهێنی کەوتنی شۆشی ئەیلولەوە بوو.
لەسەردانکدا بێ ئەمریکا لە تەموزی 1973 شا سەرنجی نیکسۆنی بێ نیگەرانیەك ئاکۆشا، کە پێی وابوو سۆڤێتیەکان ئیئتیلافێك لەنێوان کوردەکان و بەعسیەکان و کۆمۆنیستەکان پێکدێنن، کێشەی کورد لەجیاتی ئەوەی خەنجەرێکی دژایەتیان بێت، دەبێتە هێزێکی پاڵپشتی کۆمۆنیستەکان.

نیکسۆن گەیشتە ئەو ئەنجامەی شۆشی کورد لە دژی بەعس بێ هاوکاری ئەمریکا تێکدەشکێ، بێ پاراستنی وڕەی مەعنەوی وڵاتە هاوپەیمانەکانیان وەك ئێران و ئوردن، پێویستە بێ لابردنی بێ هیوایی وەك بیانوویەکی ئەوان، هاوکاری ماڵی لەلایەن ئەمریکاوە. بۆیە پێویست بوو ماندووکردنی گەنجینەی عێراق بەسەردەوەتەوە ببێتەبار و بەرزکردنەوەی هێزی سەودای کوردەکان مەبەستی ئەمریکا بوو، عێرق ئازی بکرێ دژەکە هێوربکرێتەوە و ناوچەکە سەقامگیربێ و کورد ئێتۆنۆمی هەبێ، بێ ئەمەش ئەمریکا بە کلیل دەزانرا. بۆیە هەر

یەك لە وڵاتەكان دەیانویست پەیوەندی بایەخداری لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەبێ.

هەموو پڕۆژە نهێنیەكانی ئەو قۆناغە بەتایبەت كوردەكان لەلایەن كۆشكی سپیەوە بەڕێوە دەچوون و بەنهێنی كارەكان ئەنجام دەران. لەبەرئەوەی لەو جارە نەبوون دیبلۆماسی گونجاو بیانگرێتەوە، شۆشی كورد لە دژی وڵاتێكی سەربەخۆی هاوپەیمانی سۆڤیەت بەرپا ببوو، لەلایەن چەند دەوڵەتێكی هاوپەیمانی ئەمریكاوە، پشتگیری دەكرا، مەترسیەكە ئەوە بوو ڕۆژی سەدام حسین بەهێز بكا وناوچەكانی كوردستانی عێراق ببێتە بنكەیەك بۆ ئازادی وڵاتە دراوسێكان. كوردەكان بەكاربێنێ لە دژی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریكا. بەتایبەت ئێران و توركیا.

دۆخی ناوچەكە و هاوكێشەی هێز لەناوچەكە بزوتنەوەیەكی هەمەڕەنگ بوو، بیر لەوە نەدەكرایەوە بەهاتنە دەرەوەی یەك لایەن گۆڕانكاری سەیر و بنەڕەتی چی ڕووەدات، بەتایبەت كە كوردەكان بەڕاڕا و ناجێگیر سەیردەكران، ئامانجیان سەربەخۆیی یا ئۆتۆنۆمیە و كامیان بۆ گونجاو بێت لەگەڵ ئەودا ڕێك دەكەون، ئازایەتیان وای لێكردوون وادەزانن هەرچیەكیان بوێت دەتوانن بەدەستی بێنن، بۆیە ئەم بەهرەیان هانیان دەدات نەرمیان كەم تێدابێت. لەهەر گۆڕانكاریەكیشدا كوردەكان بۆ بەزەیی سەدام حسین جێدەهێڵران.

سۆڤیەت چەكی زیاتری لەناوچەكە بڕاودەكردەوە، لەنێوان هەڵبژاردنی ئێستا و ئایندە، هی ئایندە سەرنجڕاكێشتر و مەترسیدارتربوو، لە 1ی ئابی 1972 نیكسۆن فەرمانی ڕاستەوخۆی پڕۆگرامە نهێنیەكەی ئیمزاكرد، وڵاتە یەكگرتووەكان 250 هەزار دۆلاری مانگانە بۆ ساڵی مالی 1973 بۆ كورد دیاری كرد، لەگەڵ دوو ملیۆن بۆ چەك و جبەخانە، هەمووی بەسەریەكەوە ساڵانە نزیكەی 5 ملیۆن دۆلار تەرخان كرا، شا بە مەبەستێكی زۆرتر هاوبەشی كرد، بەگشتی بەسەریەكەوە لەگەڵ هی ئیسرائیل و بەریتانیا و كۆمەكی ئێرانیەكان مانگانە دەگەیشتە یەك ملیۆن دۆلار بەگوێرەی جەنگی سارد ئەوە كێشێكی سەرەكی بوو.
هەوڵستی سادات و هەنگاوەی لەسەر شۆشی كورد

كاتێك ئەنوەرسادات لەئەنجامی جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێمنی بەرەو وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەنگاوی نا، لەكاتێكدا بیر لەهاوبەشی ئەمریكا دەكرایەوە بۆ یارمەتی كوردەكان لەتەموزی 1972 دا سەرباز و ڕاوێژكارەكانی سۆڤیەت لە میسر وەدەرنران، ئەمە گرنگیەكی زیاتری دا بەعێراق لە سیاسەتی ستراتیژی یەكێتی سۆڤیەت،

لەژهەاتی ناوەاستدا، ئەمە وای کرد پەیوەندی سۆڤیەت بەژمی بەغداوە بەهێزتربێ، لە کۆتایی ئابدا مایکل سسلۆف ئەندامی مەکتەبی سیاسی وای لەبارزانی کرد هاوبەشی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی عێراق بکا کە سەدام حسین لەهەوڵی دامەزراندنی دایە.

بەلای بارزانیەوە ئەو داواکاریەی سسلۆف ئاگادارکردەوە (انذار) بوو، دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە میسر وەدەرنرا، سۆڤیەت پەیوەندی خۆی لەگەڵ عێراق پتەوتر کرد، پشتیوانی خۆی بۆ حکومەتی بەغدا بەهێزتر و پێوەندی بازرگانیشی پتەوترکرد، زیاتر پێداگری لەسەر بایەخی عێراق کرد، بۆ یەکەمجار سۆڤیەت دەستی کرد بەناردنی تێپخانەی قورس بۆ سەدام حسین، ستراتیژی عێراقی دژ بەکورد بەهێزکرد، لە زستانی 1973- 1974 سوپای عێراق لەو شوێنانە خۆی جێگیرکرد کە پێشتر لێی نەدەمایەوە، ئەوە مانای وابوو لە ئایندە شاوی قولی سەربازی بەرامبەر بەکورد دەست پێدەکات، عێراقیەکان بەئاشکرا دەیانویست شۆشی کورد بەرەبەرە لاواز بکەن، چونکە تێپە قورسەکانی سوڤیەت سوپای والێ کردبوو دەتوانن شوێنە سەخت و دوورەکان ئابووقەبدەن.

لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەوە شا و مەلیك حسین لە کۆشکێك لەسەر دەریای قەزوێن لە 31ی تەموزی 1972 کۆبونەوە و خۆشحاڵی خۆیان بۆ هاوکاری ئەمریکا دەربڕی و گەیشتنە ئەوەی دووبەدوو بارزانیان ئاگادارکردەوە کارێکی دراماتیکی ئەوتۆی وەك ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی نەکا، عێراق وای لێ بێ هەرشی فراوان دەست پێ بکا، هەردووکیان پێیان لەسەر ئەوە داگرتبوو پشتیوانی بەهێزی کورد بکەن، بۆئەوەی بتوانن بەباشترین شێوە ئۆتۆنۆمی خۆیان بپارێزن، بەدرێژایی ساڵی 1973 شەڕ لەپەرەسەندن دابوو، لەبەرئەوە داخوازی مالی کورد گەورەتربوو، ئەمریکا ڕازی بوو لەبەرئەوەی عێراق بووە هاوکارێکی سەرەکی سۆڤیەت لە ڕۆژهەاتی ناوەاستدا، حکومەتی بەعس بەسەرکایەتی سەدام حسین بەردەوامە لە پشکەش کردنی یارمەتی بەڕکخراوە ئیرهابیەکان لە شوێنە دوورەکان تادەگاتە پاکستان، عێراق ببووە هێزێکی پاڵپشتوەنەر بۆ بەرەی ناڕازی، کە هەوڵیان دەدا هیچ جێرە ئاشتیەك لەنێوان ئیسرائیل و عەرەب پێك نەیەت، لەبەر ئەوە بەپێویست زانرا کۆمەکی کورد لەپێنج میلیۆن دۆلار بەرەو ژوورتربێ، شاش بەڕێنی دا یارمەتیەکەی زیاتر بکات، تانزیکەی 30 ملیۆن دۆلار، ئەمە جگەلە یارمەتی سەربازی تێپ و جبەخانە لەلایەن ئێرانیەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ کوردەکان کارێك بکەن بزوتنەوەکەیان بگاتە سەروو بەرگرییەوە، چونکە دەیانەویست بە

بارزانی بۆن ئەم یارمەتیە بەم شێوەیە تاسەر بەردەوام نابێت و لەداهاتوودا دەبێتە شێوەیەکی مانگانە.

لە ناوەڕاستی ساڵی 1973 ئەفسەرەکانی پێوەندی ئیسرائیل ڕایان وابوو بە کورد بۆن هەرش بکاتە سەر حکومەتی عێراق و دایتەپێنن، ئەمە لەلایەن ئەمریکا ڕەت کرایەوە، کەهەرش کرا سەر ئیسرائیل شێشی کورد چەکی کەمیان هەبوو، کە ئێرانیەکان پێیان دابوون، لەدەشتەکان نەیاندەتوانی لەبەرامبەر سوپای عێراقی پێچەك کراوی بە چەکی پێشکەوتوی سۆڤیەت بووەستن، بەڵام لەشاخەکان دەیانتوانی لەهەرشی فڕۆکە و تانك خۆیان بپارێزن، هەرشی بەولاوەی هێڵی بەرگری دەبووە هۆی تێکشکانی هێزەکانی کورد.

ساڵ و نیوێك دوای ڕێکەوتنی ئازار ئەمریکا، ئێران و سەرکردایەتی کورد، دەچنە یەك بەرەو ئیسرائیلیش دەبێتە لایەنێکی دیکەی ئەو هاوپەیمانیەتیە، ئیسرائیل دەست پێشخەری هەبووە لەو پەیوەندیە لەگەڵ شێشی کورد بەمەبەستی هاندانی کورد تا گوشار بێت لەسەر عێراق دروست بێت نەپەژێتە سەر بایەخدان بە هاوبەندی عەرەبی بۆ شەڕی ئیسرائیل، مەحمود عویسمان دەڵێت:" سێ گۆشەیەك هەبوو (ئێران، ئیسرائیل، ئەمریکا) شای ئێران کۆنەکەی ناوچەکە بوو، هەر یەکێك ببوایە هاوپەیمان لەلایەك دەچووە ناو سۆگۆشەکەوە، کورد لە ڕۆگای ئێرانەوە چووە ناو سۆگۆشەکەوە، دواتر پەیوەندی کرد لەگەڵ ئیسرائیل و دواتر ئەمریکا". هەرچەندە ئەمە لای سەرکردایەتی کورد ناچاری نەبووە.

شێشی کورد و شەڕی عەرەب – ئیسڕائیل

لەشەڕی عەرەب – ئیسرائیل (ئۆکتۆبەری 1973) تیپێکی سوپای عێراقی نێردرا بۆ شەڕی ئیسرائیل ئەمە وەك شتێکی ڕەمزی بوو، لەکاتێکدا هێندە بەخێرایی بەڕێ نەکەوت تا بگاتە بەرەی شەڕ، دوایش بەخێرایی کشایەوە، ئیسڕائیل لای خۆیەوە پێی وابووە، تازە کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران لە شەڕی (ئۆکتۆبەری 1973) کوردەکانیش کارێك دەکەن هیچ نەبێت هێزەکانی عێراقی دەوەستێنن، نەتوانێ بەشداری بەرەی شەڕ بکات، بەڵام ئەمە نەکرا و ئیسڕائیل بۆ ئومێد بوو.

لەڕاستیدا سەرکردایەتی کورد نەیدەویست بەهۆی شەڕ و ناکۆکی خۆی لەگەڵ عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی تێك بدات، ئەگەر لەشەڕی ئۆکتۆبەر هەنگاوێکی لەو جۆرەی بهاویشتایە بگومان ناکۆکیەکانی لەگەڵ عێراق فراوان تر دەبوو بۆ ناکۆکی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، ئیسڕائیل چاوەڕوانی دەکرد کورد لەبەرژەوەندی

ئەوان بجووڵێت، پێش شەڕی ئۆکتۆبەری 1973 لە ڕێگای باڵوێزی میسر لەبەغدا ئەنوەر سادات، داوای لە بارزانی کردبوو لە حاڵەتی هەڵگیرسانی شەڕی ئیسرائیل عەرەب دان بەخۆدا بگرن لە شەڕ دژی سوپای عێراقی، هەتا عێراق بەناوی سەرقاڵی شەڕی کوردستانەوە بیانوو نەهێنێتەوە، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی کچێرا ئاپێرتی (پایك) بارزانی بۆ ئەو مەبەستە پرسی بە کیسنجەر کردووە.

کیسنجەریش لەو بایەوە دەڵێت: لە نێیەمین ڕۆژی شەڕی عەرەب – ئیسرائیل پەیامێکی بە پەلەمان لەبارزانیەوە پێگەیشت، باوەڕی ئەمریکای دەپرسی سەبارەت بە ئامۆژگاری ئەفسەرە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل، کە داوایان کردبوو هەرش بکەنەسەر دەشتاییەکانی عێراق، ئەوە پێشنیازێك بوو ئەفسەرە ئیسرائیلیەکان چاوەنواڕی بوون، بەڵام (CIA) ئەمەی بە پەسند نەدەزانی، شاش ئەمەی پێ باش بوو، بەڵام ئەمە توڕەیی وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بەکورد ئابڕوقە دەدا، لە 16 تشرینی یەکەمی 1973 ئەمریکا بارزانی ئاگادارکردەوە هەرشی سوپایتان لەسەرداخوازی ئەفسەرە ئیسرائیلیەکان کارێك نیە بیری لێ بکرێتەوە.
کۆتایی ڕێکەوتننامەی ئازار و هەڵگیرسانەوەی شەڕ

سەرەتای سەرهەڵدانەوەی شەڕی یەك ساڵەی شۆڕشی کورد و بەعس، لە 12-2- 1974 عێراق یاداشتنامەیەکی لەسەر دەستدرێژیەکانی ئێران بۆ سەر سنوورەکانی عێراق بۆ نەتەوەیەکگرتوەکان نارد، لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بۆ ناوبژیوانی نێوان عێراق و ئێران لە مانگی ئابی 1974 ەوە دەستی پێکرد، نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت دەست پێشخەری ناوبژیوانی بوون، وەفدی عێراق و ئێران، سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق و عەلی خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران، لە ڕۆژانی 12-18ی ئابی 1974 لەئەستەمبوڵ کۆبوونەوە و لەوێدا بڕیاری درێژەدان بە کۆبوونەوەکانیان درا.

لە 11ی ئازای 1974 چوارساڵی ڕەبەق تێپەڕی بەسەر ڕێکەوتنی 11ی ئازار و بەڕێنی ئێتێنامیدا، عێراقییەکان پلانێکی تازەیان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی کوردستان ڕاگەیاند، لەکاتێکدا بەسەرزارەکی بەردەوامی ئێتێنامیان دەسەلماند، بەڵام لەڕاستیدا کێنتڕۆڵی سیاسی لەلایەن عێراقەوە توندترکرا، لەسەرەتای نیسانی ساڵی 1974 بەرەسمی شەڕ لە کوردستان لە ئاکامی هەرشی سوپای بەعس دەستی پێکردەوە، بەعس شاڕاوی گەورەی سەربازی لەناوچەکانی بادینانەوە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەست پێکرد، سەرەتا بەرگری کرا، بەڵام دوایی

هێزەکانی حکومەت توانیان دەست بەسەر زۆربەی ناوچەکان دابگرن، ناوچەکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سوپای بەعس، پێشمەرگە پاڵیان دایە ناوچە شاخاوییەکان، تا وای لێهات بە درێژایی سنووری ئێران و تورکیا لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا مابێوە. لەم شەڕانەدا عێراق پشتی بە فڕۆکەی سۆڤیەتی بەستبوو، لەبەرامبەردا ئێران پشتگیری شۆڕشی کوردستان بوو.

هەر کەشەڕ دەستی پێ کردەوە هەموو باس و خواسە سیاسییەکان بەرامبەر بەکورد لە واشنتۆن کەوتنە بەر لێکۆڵینەوە، شا هۆشداری دا تێکشکانی کوردەکان دەبێتە هۆی تێکچونی هاوسەنگی هێز لە عێراق و هێزە دەمارتوندەکان و سۆڤیەت هەڕەشە لە ئێران و کەنداو دەکەن، ئیسرائیل هاواری خۆی خستەسەر ئەوەی پشتیوانی زیاتر لە کوردەکان بکرێ، بارزانی ئامادەبوو بچێتە مەیدانی زۆرانبازییەکەوە وەستاندنی گفتوگۆی خۆی لەگەڵ بەغدا بەهەڵەك دەزانی بۆ دەستکراوەیی خۆی لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە، بۆئەوەی بەویستی خۆی جێرە ئۆتۆنۆمیەك دامەزرێنێ زیاتر لە قەوارەیەکی سەربەخۆ بچێت، لە 16ی ماتی 1974 بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیژی خۆی دووبژاردەی خستە بەردەمی ئەمریکیەکان 180 ملیۆن دۆلار بۆ ئۆتۆنۆمی داستەقینە، 360 ملیۆن دۆلار بەحسێبی بۆ زەمینەی تەواوی سەربەخۆیی.

بارزانی لێکدانەوەیەکی یەکلایەنەی هەبوو، مەسەلەکان لەئەستۆی خۆی بوو، بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە هاوبەشی لەگەڵدا بکا، هەمیشە باوەڕی بە خۆی هەبوو، لەبەرامبەر زلهێزەکاندا ئادەوەستا، ئەو جێرە خەباتە بەند بوو بەپشت بەخۆبەستن و قەدەرەوە، وەك لەوەی حیسێب بۆ هاوکێشەی هێزەکان بکرێ، تێگەیشتن و لێکدانەوەی بارزانی بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان هیچ کات لەلایەن شاوە پشتیوانی لێ نەکراوە، یا لەلایەن تورکیاوە، وەاتە یەکگرتوەکانیش لەو پێگە و جێگایەدا نەبوو کەمەك و پشتیوانی هەمیشەییان بۆ مسۆگەر بکات، ئەگەرچی ئەو داهاتەی بارزانی داوای لە ئەمریکا دەکرد لەسەرووی هەموو عەمەلیاتە نهێنیەکانەوە بوو، کە ئەمریکا لەئەستۆی بوون، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمریکا لەوکاتەدا بە جەنگی ڤێتنام گرفتار بوو هەرداوایەکی کوردەکان دەدرایە دواوە، بارزانی داوای کەرەستەی زۆری پەیوەندی (اتصالات)ی کرد، بەڵام کێبڕکێی ئامادەنەبوو کەمەکی ئەمریکا بۆ کوردەکان زیاد بکرێ.

لەسەرەتای نیسانی 1974 هیلمز و سکۆکڕۆفت دوا ئەنجامگیری خۆیان پێشکەش کرد، ئەو کەمەکە مالیەی هەبوو بکرێ بەنزیکەی دوو ئەوەندە، کەمەکی نهێنی ئەمریکا لە 5 ملیۆن دۆلارەوە بکرێ بە 8 ملیۆن دۆلار،

سەرچاوە ئاشکراکانی دیکەش 1 ملیۆن بدەن بۆ یارمەتیدانی پەنابەرانی کورد، شا ئازی بوو ساڵانە بەشەکەی خۆی لە 30 ملیۆن دۆلارەوە بکاتە 75 ملیۆن دۆلار، بەریتانیا و ئیسرائیل لای خۆیانەوە درۆژەی پێ بدەن، بۆ گەرمکردنەوە زەمینەی کورەی هاوبەش، بەڵام هەریەکە بۆ مەبەستێکی هاوبەش، بە شا و بارزانیان ئاگەیاند لەوانگەی بەرژەوەندی ئەمریکا ئاوایە:
1- هێندە هاوکاری کوردەکان بکرێ زەمینەیەکی شیاویان هەبێ، بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان لەدەوڵەتی عێراق.
2- حکومەتی ئێستای عێراق بەردەوام سەرقاڵ بکرێ.
3- نابێ هەمیشەیی عێراق دابەش بکرێ، چونکە سەربەخۆی ناوچە کوردییەکان لەووی ئابووریيەوە دروست نیە و توانای ژیان و گەشە کردنی نابێ، لەبەرژەوەندی ئێران و ئەمریکاش نیە دەرکەی پەیوەندی چاك لەگەڵ عێراقێکی ژیر سایەی سەرکردایەتیەکی نوێدا پێوە بدەن.
فراوان بوونی بەرەی شەڕەکان

بەدرێژایی ڕۆژگار خەباتی کوردەکان سنوری داخوازی خۆی دیاری کردبوو، هەندێك جار ئائومێد دەبوون و هەندێك جار شاگەشکە دەبوون، لە 27ی تەموزی 1974 شا هاوارێکی بەپەلەی بارزانی گەیاندە ئەمریکا و داوای کۆمەکی دەکرد، شا هاواری خۆشی خستبووەسەر لەئەنجامی تێکشکانی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد بۆ ئێران و بۆ سەرانسەری کەنداو بە ئاگای هێنایەوە.
بەدرێژایی ساڵی 1974 ئێران لەلای خۆیەوە بەشێکی قورسایی شەڕی کوردستانی بەئەستۆوە گرت، لەبەرامبەردا پەشێوی لەناو هێزی پێشمەرگە بێاوبووە و شەڕ زیاتر بووە بەکارهێنانی چەکی قورس، لەو بارودۆخەدا هەر لایەنێك مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو (CIA) دەیویست بەرژەوەندی ئەمریکا بپارێزێ، بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆگرامێکی نوێ، شا مەبەستی بوو ڕۆکەوتنێکی بەرگریانە و خۆپارێزبەدەست بێنێ، بارزانیش سەرکەوتنی لەگەڵ پاراستنی قەڵا سەختەکانی دەخواست. ستراتیژیەتی کوێبی ئەوەبوو خۆی لە گۆچەی لیژنەکانی کۆنگرێس بە دوور بگرێ، وەك لەوەی گرنگی بە بارودۆخی واقع بدات، کەشە لەگەڵ ستراتیژیەتی بارزانی ئەوە بوو بە تەنیا بەجەنگی ئاسایی کاری تەواو دەکرد، نەك شەڕی پارتیزانی، کەشە لەگەڵ ستراتیژی کۆشکی سپی و ئێرانیەکان ئەوە بوو ئەوەندە یارمەتی نهێنی بزوتنەوەکە بدەن، ئۆتۆنۆمی کورد بکەنە تەگەرەیەکی نزیك بە هەمیشەیی، تەگەرەی دژی ناحەزانی سیاسەتیان لەناوچەکە.

لەشەش مانگی یەکەمی هەڵگیرسانەوەی شەڕ گۆڕانکاری زۆر هاتەدی

لەوانە وەرگرتنی چەکی قورسی ئێرانی و بەشداری کردنی ئاستەوخۆی پسپۆرە ئێرانیەکان لەبەرەکانی شەڕ لەپاڵ فەرماندە پێشمەرگەکان، دژی حکومەتی عێراقی بەئادەیەك هاوکاری ئێرانیەکان زیادی کرد، وەك هەندێ دەڵێن سەرکردایەتی شەڕی کوردستان ناڕاستەوخۆ کەوتە دەستی ئێران، لەوڵاشەوە عێراق بەهاوکاری چەك و فڕۆکەی سۆڤیەتی شەڕی دەکرد، سوپای عێراق لە هێرش بردنەوە کەوتە حاڵەتی بەرگری، تاڕادەیەك شارەکانی کوردستان چۆڵ بوو، پەناهیندەی کورد ڕووی کردە ئێردوگاکانی ئێران، ئەوەش باری سەرشانی شۆڕشی قورس تر کرد، سەرکردایەتی زیاتر ناچار کرد زیاتر لە ئێران نزیك بێتەوە.
کیسنجەر ئاماژە بوە دەکات: بارزانی دەست تێوەردانی ئێرانی بە پاڕپسشتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا داواکرد، بەهاتنی هاوینی 1974 هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان لە پێشکەوتندابوو، هاوارێکی بەپەلەی کوردەکانمان پێگەیشت داوای هاوکاری زیاتریان دەکرد، شاش پشتگیری دەکردن، بەڵام لە (CIA) دەدرانە دواوە، کۆمەکی ئەمریکا بۆ کوردەکان ساڵی 1973و 1974، 1975 بەسەریەکەوە 20 بیست ملیۆن دۆلار بوو، بە 1250 هەزار دوسەدو پەنجا تێپخانەوە.
هەمن بوونەوەی شەڕەکان و گفتوگۆی نهێنی نەیارەکان

لەم بارودۆخەدا عێراق هێدی هێدی لە پێشکەوتندابوو، شا بۆ پێشەکی هەوڵیدا لە پێ باوەی خۆی بگرێ، ئێرانیش نەیدەتوانی سنووری دوورو درێژی خۆی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بخاتە پشت گوێ، ئەگەر پشتیوانی ئەمریکای لەدەستدا نەبوایە و بەڕێنی لێوەرنەگرتایە، ئەمریکاش لە جێگا و ڕێگایەکی وادانەبوو ئەمەی بۆ بکات، لەبەرئەوە شا بۆیاریدا بەشێوەیەکی دیموکراسیانە پاشەکشە بکات، لەگەڵ گەورە پیاوی عێراق سەدام حسین خەریکی تەدارەکات بوو، ئەوەی ڕاگەیاند ناتوانی قەوارەی شۆڕشی سەربەخۆی کوردەکان قبوڵ بکا، نەبادا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کۆمۆنیستی عێراقەوە، لەوەش دەترسێ عێراق کێشە لەسەر سنووری عێراق ئێران بنێتەوە، ببێتە هۆی ئەوەی کێشەی کورد بگاتە بەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان، بۆیە دەیویست لەگەڵ سەدام بگاتە ڕێکەوتنێك.

هەر خێرایی ستراتیژی بەعس لەهەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ئازاری ساڵی 1974 زۆر ڕوون بوو، وەکو سەدام حسین لەسەرەتای ئازاری 1974 وتبووی: " ئەگەر دوای یەك ساڵ بەسەر شۆڕشی کورد سەرنەکەوتین ئەوە سازش دەکەین لەسەر شەتولعەرەب، بەو سازشە لەمەترسی شۆڕشی کورد ڕزگاردەبین"، بۆیە دوای ساڵێك لەشەڕ حکومەت بۆ ئومێد بوو، بەسەر شۆڕشی کوردا زاڵ بێ، پەنای بۆ ڕێککەوتن برد لەگەڵ شای ئێران،

ئەوەبوو لە مارتی 1975 عیراق و ئیران پەیمانەکیان بەست و ئەتانەمی کوردستان لەبەرخاتری بەرژەوەندی دوو دەولەتی دراوسێ تەفروتوناکرا.

لەمانگی تشرینی دووەمی 1974 شای ئێران سەردانی مۆسکۆی کرد و یەکێك لە بابەتەکانی گفتوگۆی شا لەگەڵ مۆسکۆ، لەسەر مەسەلەی بەئاشتی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی شابووە لەگەڵ عێراق. لە زستانی 1974 لە نیۆیۆرك هینری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەڵ نوێنەری هەمیشەیی عێراق لەنەتەوە یەکگرتوەکان کۆبووەوە، بۆ ئەوەی شێوەیەکی گونجاو دابنێن بۆ باش کردنی پەیوەندیەکانیان، لەگەڵ دوورخستنەوەی پێگەی سۆڤیەت، ئاسایشی کەنداو و ناردنی نەوت بۆ ڕۆژئاوا و هەموارکردنی هەوڵستی عێراق، لە کۆشەی فەلەستین لە چوارچێوەی مەرجەکانی ئەمریکی، بەئامادەبوونی (غانم عەبدولجەلیل) سکرتێری تایبەتی سەدام حسین لەگەڵ ئەمریکا بەنهێنی وتوێژەکان تەواوکران.

کۆبوونەوەی نێوان عێراق و ئێران و سۆڤیەت یا ئەمریکا و لایەنەکانی تر بەنهێنی ئەنجام دراون، بۆیە سەخت بوو سەرکردایەتی کورد لە ئاکامەکانی تێ بگات، کۆشەی کورد و شۆرشی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەعس لایەنێکی گرنگی ڕاستیەکان بووە، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە نەهێنراوەتە گۆڕێ، مەگەر وەك پاشکۆ و لەپەراوێزدا باس کرابێت، تەنیا ناوی کۆشەی نێوان عێراق و ئێران هێنراوە.
کۆبوونەوەی ئۆپێك و کۆتایی شۆڕشی کورد
شۆڕشی کورد درێژەپێدانی بزوتنەوەکەیان دەستوەردانی ئاشکرای ئێرانی دەویست، ئەوەش بە پشتیوانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەچووەسەر، لە ئاستی ناوخۆوە لەگەڵ کۆتایی ساڵی 1974 و سەرەتای ساڵی 1975 شەڕەکان بەرەو سەختی چوون، هەردوو دەوڵەت نەیان ویستووە پێکەوە بکەونە شەڕەوە، بۆیە بەبێ ئاگاداری بارزانی کەوتونەتە گفتوگۆ. شانشینی سعودیە هاندەری پێکهاتنەوەی هەردوو دەوڵەت بوو، هەتا بە گفتوگۆ کۆشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، شاحسین شای ئوردن و ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر و هەواری بۆمیدیەن سەرۆکی جەزائیر ڕۆڵیان هەبوو لە ناوبژیوانی هەردوو وڵات، بەڵام پوختە و دوا هەنگاوی پێکهێنانەوە بۆمیدیەن تۆماری کرد، بەردەوام لە هاتوچۆ و گفتوگۆ دابوون، بەڵام خوێندنەوەی سەرکردایەتی کورد بۆ ئەو جموجۆڵە دیارنیە.

هەواری بۆمدیەن پێشتر لە کاتی کۆبوونەوەی وڵاتانی (ئۆپیك) بۆ مەبەستی نەخشەی ڕێگا خۆش کردن بۆ پێکهێنانەوەی عێراق و ئێران لە

26- 10- 1974 لەگەڵ سەدام حسین کۆبوەوە، دواجار لە جەزائیر لە پەراوێزی کۆبوونەوەی دەوڵەتانی خاوەن نەوت (ئۆپیك) لە 6- 3- 1975 هەواری بۆمدیەن و شای ئێران و سەدام حسین بە کۆبوونەوەیەکی لاوەکی کۆتاییان پێهێنا و لە ڕێکەوتنامەی جەزائیردا یەکیان گرتەوە. لە کۆبوونەوەی ئۆپۆك بەپێکی ڕێکەوتنەوە جیهان واقی وڕما بەپێی ڕێکەوتنەکە شا لەشەتاوی عەرەب ئیمتیازی وەرگرت. لەئەنجامدا هەموو سنووورەکانی لەووی کوردا داخست و دەست بەرداریان بوو، لەسەر ئاستی مرۆقایەتی کارەکەی شا دێندانە و بێ بەزەییانەبوو.

ئەو ڕێکەوتنامەیە تایبەت نەبوو بەیەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکانی چەند ساڵەی عێراق و ئێران، بەڵکو سەودایەکی هەردوو دەوڵەت بوو، لەسەر حیسابی کورد، خاك و ئاو بەرامبەر تواندنەوەی شۆڕشی کورد. پوختەی ئەو دەقەی بەناوی پەیمانی سنووری نێودەوڵەتی و مافی هاوسێیەتی نێوان عێراق و ئێران (معاهدة الحدود الدولية و حسن الجوار بين العراق و ايران) واژێیان لەسەر کردووە، بەڵام زیاتر بەناوی (ڕێکەوتنامەی جەزائیر) ناسراوە.

کاتێ کە وەزیری دەرەوە کیسنجەر هەستی بەوە کرد دەبێ هاوپەیمانیەك لەگەڵ شای ئێران مەڕ بکات، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر نیگەرانی سنووورەکانی ڕۆژئاوای وڵاتەکەی بوو، وڵاتە یەکگرتووەکان لەناکاو یارمەتیەکەی پچڕاند، خەڵکی کورد دەوری "سەرباز" یان لەم کایەی شەترنجەدا گۆڕا، کاتێ وەزیری دەرەوە کیسنجەر دەڵێت: "ناهێڵێت نیگەرانی مافی مرۆڤ بەسەر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا زاڵ بێت"، هەنگە بیر لە خەڵکی کورد بکاتەوە کەچارەکە سەدەیەك خەباتیان کردووە بێ سەربەخۆییەك کە سەرەتا ئەنجامێکی باشی وێنا دەکرا، بەڵام لە ئاکامی ڕێکەوتنێکی دیبلۆماتیکی خێرا لەپشت پەردەوە خنکێندرا.

لە 17ی نیسانی 1975 دەربارەی چارەنووسی کوردەکان، (Mr. KOCH) لە ئەیالەتی نیۆیۆرك لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکان وتی: پەیماننامەی جەزائیر کە لەنێوان عێراق و ئێران واژۆکرا، هەوڵستی بێ بەزەییانەی شای بەنیسبەت کوردەکان خستەووو.شا لەسەر ئەوە ڕێکەوت کۆتایی بەهەموو یارمەتیدانێك بەکورد بهێنێ و لە 1ی نیسانی 1975 سنووورەکانی بەووی ئاوارە کوردەکان داخست، لە ئاکامدا شا حوکمی مەرگی ئەو کوردانەی واژۆکرد کەلە وڵاتی خۆیاندا مابوونەوە.تراژیدیای ئەم خیانەتە لەگەڵ بەدەنگی نەتەوەیەکگرتووەکان تێکەڵ بووە، لەکاتێکدا نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر بەباڵای یاسر عەرەفاتدا دەیخوێند، بەساردی لەگەڵ کوردەکان

هەسوکەوتی کرد و بەتوندی نوێنەرە کوردەکانی ڕەت کردەوە، لەبەرئەوەی نوێنەری بزووتنەوەیەکی بێ دەوڵەت بوون، ئەمە دووڕوویە.

کۆتایی شۆڕشی کورد و بەرژەوەندی وڵاتانی تر

کۆتایی هاتنی شەڕ و تواندنەوەی شۆڕشی کوردستان، بەدبەختی کورد و بەرژەوەندی هەموو نەیارەکانی کوردی تێدا بەرجەستە بووە، عێراق لەلای خۆیەوە پێی وابووە ڕێکەوتنامەی جەزائیر مەترسی شەڕی عێراق – ئێرانی لەخۆی دوورخستۆتەوە، ئێران لای وابوو بەشێک لەبەرژەوەندیەکانی لە شەتولعەرەب بەدەست دێنێتەوە، سەرەڕای ئەمە هەکاری بەشداری ئەو وڵاتانەی ڕێکخستبوو، لە سازدانی قەناغەکانی ناوبژیوانی عێراق و ئێران بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندیەکانیان، سەرەتای کۆبوونەوەی هەردوو وڵات لەسەر بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، بۆ بەپیرەوەچوونی سکاڵای عێراق، هەبژاردنی تورکیا بۆ کۆبوونەوە بڕیارێکی سەرپێی نەبووە، تورکیا هاوپەیمانی بلۆکی ڕۆژئاوا و هاوهەڵوێست لەگەڵ عێراق و ئێران بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کورد ناسراوە، بۆ سەربڕینی شۆڕشی کورد لەلایەن ئەوسۆ وڵاتە سەرەکیەکەی کوردیان بەردا دابەش کراوە. وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ویستویەتی عێراق لەو شەڕە دەستی بەتاڵ بێت بۆ دژایەتی سوریا، تا پرسەی ئاشتی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل سەربگرێ، سۆڤیەت دەیویست هاوپەیمانی عێراق بێت و جوڵانەوەی کوردیش چیدیکە بەرەو ئەمریکا نەچێت، هەردوو وڵاتی زلهێزیش نەیانووێستوە درێژەدانی شەڕ لە سیمای شەڕی سارد تێپەڕێت بۆ بەشداری ڕاستەوخۆی هەردوولا لەشەڕی گەرم.

خواستی هەریەك لە وڵاتانی عەرەبی بۆ وەستانی ئەو شەڕە و هەردوولا پێك بێن، لە کاتێکدا ئوردن لەسەرەتاوە بەهاریکاری ئەمریکی و ئێرانی و کورد خۆشحاڵ بووە، چونکە لەو مەدارە خولاوەتەوە. هەرچەندە پێشوەخت میسر ویستوویەتی لە ڕێگای باوەڕەکەیەوە لە بڕوت کورد ئاگادار بکاتەوە لە ئەگەری لێك نزیك بوونەوەی عێراق و ئێران و باسی کورد لەو گفتوگۆیانەدا، سادات بەرژەوەندی لەوەدابوو حەزی دەکردە عێراق بکەوێتە خاڵێکی سازشەوە تا سازشی حکومەتی میسر لەبیربکرێت، کە بەهۆی ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل، میسر تووشی گازندەی شەقامی عەرەبی ببوو.

لەسەر گەرم و گوڕی هەواری بۆمدیەن چەند هەکارێك باس دەکرێت، لەوانە: گوایە جەزائیر ترساوە لە ئاکامەکانی درێژەکێشانی شەڕی ناڕاستەوخۆی یەکیەتی سۆڤیەت و ئەمریکا دەریای سپی ناوەڕاست ببێتە

مەیدانی ناکۆکی و ململانێکان، یان وەك (دریە عونی) دەنووسێت: ” جەزائیر لەمەودای سەرکەوتنی کورد دەترسا، نەبادا گەیشتنی بەمافەکانی لە چوارچێوەی عێراق هاندەر بێت بۆ (بەربەر) لە هەرێمی قەبائیل لە جەزائیر، ئەوانیش داوای هەمان ماف بکەن، کە کورد داوای کردووە.”پێدەچێت هۆکاری ئابووری لە هەموو بۆچوونەکانی دیکە نزیکتربێ، بەپشت بەستن بەاپۆرتی هەواڵگیری ئەمریکی دەڵێ: بومدیەن پێویستی بەپشتگیری دارایی هەردوو وڵات هەبووە، بۆ دانانی پێژەیەکی ئابووری پەیوەست بەپەرەپێدانی بەرهەمی نەوتی خاو، یان بەو هۆیەوە هەرسێ وڵات بەیەکەوە سۆکوچکەیەکی بەهێز بن لەناو ڕۆکخراوی (ئۆپیك) ناوی بومدیەن وەکو ناوبژیوان و سەرپەرشتیار لەگەڵ دەقی ڕێکەوتنامەکەدا بێت، لە دوای سێ پێڕۆکێی پاشکۆی ڕێکەوتنامەی جەزائیر لەنێوان وەزیری دەرەوەی هەردوو وڵات بەسەرپەرشتی وەزیری دەرەوەی جەزائیر واژۆ بکرێت، ئەم هەنگاوەی دەمانخاتە ژێر باری وەڵامی ئەو پرسیارەی بۆچی سەرکی جەزائیر ئەو کارەی گرتەئەستۆ، شۆنی کورد لە کۆی هۆکارەکانی ئەو شڵگیریەی بۆمدیەن دایە؟.
بەرپرسیارێتی سەرکردایەتی شۆشی کورد

دوای خەباتێکی بێ پلان و قوربانی دانێکی زۆر لە ئەنجامی پیلانگێڕی وڵاتە بەرژەوەنخوازەکان شۆشی کوردستان کۆتایی هات، زۆرجار لەخۆمان دەپرسین ئایا پێویستە لەسەر شۆشێکی سەرکەوتو تا ڕۆژی ڕێککەوتنی مارتی 1975 سوپای عێراق لەبەر یەکتری هەبووشێنرێ، بەڵام سەرکردایەتی داوای چەك فڕێدان لەو هێزە کۆنەدەرەی پێشمەرگە بکات و.. ، سەرکردایەتیەکەی ئەم شۆشە بۆ بێ دەرەوەی وڵات و گەل و هێزی پێشمەرگە جێبەڕێ لەژێر هەڕەمەتی چوار سوپای دێندەدا...؟، بەدەنگیەکی جیهانیش لەولاوە وەستابێ، وەکو ڕایەکی سادە ئەگەربکرێ دەری ببڕین ئەوەیە: بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەرچەنەك بووبێ، بەڵام بەرپرسیارێتی سەرکەوتی بارزانی و هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هەموو سەرکردەکانی کورد بەرپرسیاریەتێکی گەورە و بەرچاوە لەو کارەساتە مێژوویەدا.

هەسوێ بۆسکێنی
1- 3- 2019

سەرچاوەکانی ئەم بابەتەڕ:
1- د. حامید مەحمود عیسا، کۆشەی کورد لە عێراق (2)، وەرگێڕانی: سواره قەادزەیی، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری – هەولێر،

2013.
2- کامەران بابان زادە، □□کەوتنامەی جەزائیرو □ەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور، چاپخانەی کەمال، سلێمانی. 2013.
3- لێکمان میهێ، کورد و کوردستان لەبەرگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا (کوردستانی باشوور)، وەرگێڕانی: وریا □ەحمانی، چاپخانەی □□ژهەڵات هەولێر، 2009.
4- هێنری کیسینگەر، کارەساتی کوردەکان، وەرگێڕانی: صباحی غالیب، باسکار، ژمارە 3، هاوینی 1999، (سەرچاوەی ئەلکترۆنی).